# داهات و خەرجییەکانی شەش مانگی ناسەقامگیری لە عێراق

01-09-2022

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** لە شەش مانگی سەرەتای ئەمساڵدا کۆی داهاتی نەوتی و نانەوتی عێراق، 75.6 تریلیۆن دینار بووە و کۆی خەرجییەکانیش 49.1 تریلیۆن دینار بووە.

## بەرایی

گۆڕانکارییە نیوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان لە شەش مانگی سەرەتای ئەمساڵدا کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر داهات و خەرجییەکانی عێراق دانا، بەشێوەیەک لە شەش مانگی سەرەتای ئەمساڵدا کۆی داهاتی نەوتی و نانەوتی عێراق، 75.6 تریلیۆن دینار بووە و کۆی خەرجییەکانیش 49.1 تریلیۆن دینار بووە. واتە 26.5 تریلیۆن داهات زیاتر بووە لە خەرجییەکان. زیادبوونی داهاتی عێراق بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و مانەوەی لەسەرووی 100 دۆلارەوە، بەتایبەتیش جەنگی رووسیا و ئۆکرایناوە بووە، بەڵام ئەم زیادبوونەی داهات نەگۆڕا بۆ پرۆژەی ستراتیژی و، بگرە بەهۆی ئاڵۆزبوونی دۆخی سیاسی، مانگ بە مانگ خەرجییە ئەمنییەکان زیاتر بێت، ئەویش لەکاتێکدا کە عێراق بەدەست نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و  گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، بڵاوبوونەوەی هەژاری و بێکارییەوە دەناڵێنێت.


لەنیوەڕاستی مانگی ئابدا عەلی عەلاوی، وەزیری دارایی و جێگری سەرۆکوەزیران بەنامەیەکی 10 لاپەڕەیی دەستبەرداری پۆستەکەی بوو. ئەو هۆکارەکانی پشت دەستلەکارکێشانەوەی لە حکومەتی کاربەڕێکەر بۆ دەستەوەستانیی حکومەت، نەبوونی بودجە، و دۆخی ئابووری، سەرنەکەوتنی حکومەت لە کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی و نەبوونی ویستی سیاسی و کۆدەنگی بۆ چاکسازی ریشەیی و دروستکردنی ئاستەنگ بۆ چاکسازی گەڕاندەوە. هەموو ئەمانەش لەکاتێکدایە کە ئێستا قۆناخی چاکسازی و راستکردنەوەی دۆخی ئابوورییە، چونکە داهاتی عێراق بە قۆناخێکی نموونەییدا تێدەپەڕێت، بەوەش نەك دەتوانێت نەک خەرجییە تریلیۆن دۆلارییەکان بکات ، بگرە دەتوانێت مانگانە دەیان تریلیۆن دینار بۆ خەزینەکەی زیاد دەکات!

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، جیاوازی نێوان بودجەی خەرجکراو بۆ مووچە و پێداویستی و خزمەتگوزاریی دامەزراوەکان لەگەڵ بودجەی وەبەرهێنان بەشێوەیەکە کە بەراورد ناکرێت. بۆ نموونە لەنیوەی یەکەمی ئەمساڵدا کۆی بودجەی وەبەرهێنان بۆ کەرتەکانی کشتووکاڵ، پیشەسازی، گواستنەوە و پەروەردە و فێرکردن، تەنیا 3.8 تریلیۆن دینار بووە، بەڵام تەنیا بۆ مووچەی خانەنشینی 12.12 تریلیۆن دینار بووە.

لێرەدا لەچەند رووبەکی جیاوازەوە هەڵوەستە لەسەر گۆڕانکارییەکان لە خەرجییەکانی دامەزراوە جیاوازییەکانی عێراق و کارەکانیان دەکەین، چونکە داهاتەکە تەنیا نەوتییە و داهاتی نانەوتی لەماوەی ئەم شەش مانگەدا تەنیا 3.1 تریلیۆن دینار بووە. بۆ نموونەش خەرجییەکانی پەرلەمان، کە تەنیا 9 کۆبوونەوەی لەم ماوەیەدا کردووە، 261 ملیار دینار بووە، بەڵام تەنیا 32 ملیار دینار بۆ وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو وەک وەبەرهێنان خەرجکراوە! ئەویش لەکاتێکدایە کە ناوەندە نیوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانیش هۆشداریی لەسەر رەوشی کەشوهەوا و کەمبوونەوەی ئاو، بە بیابانبوون و کۆچکردنی بەکۆمەڵ لە گوندەوە بۆ نیو شارەکان و درووستبوونی گوشار لەسەر خزمەتگوزاری لە شارەکان دەدەن. لەم راپۆرتەدا تیشکی زیاتر دەخەینەسەر خەرجییەکان لە دامەزراوە جیاوازەکان، و بەتایبەتیش چوار سەرۆکایەتییەکەی عێراق و هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و بەرگری، کە مانگ بە مانگ بەهۆی رەوشی نیوخۆی عێراق و پێشیلکردنی سەروەری خاکەکەی خەرجییەکانی زیادی کردووە

## داهاتێکی 75 تریلیۆن دیناری و خەرجییەکی 49 تریلیۆن دیناری لەنیوەی یەکەمی ئەمساڵدا

لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا عێراق داهاتێکی 75.63 تریلیۆن دیناری لە نەوت و بەرهەمە نانەوتییەکانەوە دەستکەوتووە، کە 72.4 تریلیۆن دیناری لە نەوت و 3.16 تریلیۆن دیناریش داهاتی نانەوتی (باج، رسومات و هتد) بووە. لەماوەی شەش مانگی رابردوودا بەرزترین داهاتی مانگانە لە مانگی ئایاردا بووە کە 15 تریلیۆن دینار بووە و، نزمترین داهاتی نانەوتیش لە هەمان ئەو مانگەدا بووە کە تەنیا 375 ملیار دینار بووە، وەکو لە گرافیکی یەکەمدا هاتووە. ئەمەش دەرخەری راستییەکی دووبارەیە؛ کاتێک داهات لە نەوتەوە زیاد بکات، ئەوا داهاتی نانەوتی کەمدەکات و پشتگوێدەخرێت.




گرافیک 1: جیاوازی نێوان داهاتی نەوتی و نانەوتی لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا

لەڕووی خەرجییەوە، عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی کە داهاتەکەی بەواتا ئابوورییەکە دەسووتێنێت، چونکە زۆربەی خەرجییەکانی دەوڵەت بۆ مووچەیە، نەوەکو بۆ کەرتی وەبەرهێنان و دووبارە بەگەڕخستنی بەرهەمی ناوخۆیی GDP، و زیادبوونی داهاتی تاک. لەنیوەی یەکەمی ئەمساڵدا کۆی بودجەی خەرجکراو(مووچە و خزمەتگوزاری، چاککردنەوە و کڕین کاڵاکان) لە سەرووی 45 تریلیۆن دینارەوە بووە، کە تەنیا بۆ مووچە 21.6 تریلیۆن دینار بووە، لە بەرامبەردا کۆی بودجەی تەرخانکراو بۆ وەبەرهێنان 3.8 تریلیۆن دینار بووە. واتە بودجەی وەبەرهێنان حەوت هێندە کەمتر بووە. هەروەها، لەو شەش مانگەدا بەرزترین خەرجی لە مانگی حوزەیران بووە، کە 9.9 تریلیۆن دینار بووە، نزمترین خەرجی مانگانەش لە مانگی شوبات بووە، کە 7.2 تریلیۆن دینار بووە، لەکاتێکدا لەهیچ مانگێکدا خەرجییەکانی وەبەرهێنان نەگەیشتووەتە 900 ملیار دینار و بگرە لەچارەکی یەکەمی 2022دا1.1 تریلیۆن دینار بووە، بەڵام خەرجی خانەنشینی 5.21 تریلیۆن دینار بووە.




گرافیک 2: بودجەی تەرخانکراو بۆ خەرجییەکان لەنیوەی یەکەمی ئەمساڵ

## نۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان و تێچوویەکی 261 ملیار دیناری

خەرجییەکانی چوار سەرۆکایەتییەکەی عێراق زیاترە لە 552 ملیار دیناری مانگانە، بەشێوەیەک کە بە تەنیا خەرجییەکانی ئەنجومەنی وەزیران 505 ملیار دینارە، ئەنجومەنی نوێنەران 43.5 ملیار دینار و خەرجییەکانی سەرۆکایەتی کۆماری عێراقیش دەگاتە 3.89 ملیار دینار. لەماوەی نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا خەرجییەکانی پەرلەمانی عێراق 261 ملیار دینار بووە، کە تەنیا بۆ مووچەی کارمەندانی ئەم دامەزراوەیە 230 ملیار دینار خەرجکراوە، لەکاتێکدا لەو ماوەیەدا تەنیا 9 کۆبوونەوەی کردووە. خەرجییەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لە سەرووی 505 ملیار دیناری مانگانەوەیە، واتە 340 ملیۆن دۆلار، هۆکارێکی بەرزبوونی خەرجییەکانی ئەنجومەنی وەزیران بەهۆی پەیوەستبوونی دەستەی حەشدی شەعبییەوەیە کە ڕاستەوخۆ سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانن و ساڵانە بەشە بودجەیان 2 ملیار دۆلارە.

لەم شەش مانگە پڕ قەیرانەدا، کۆی خەرجییەکانی ئەنجومەنی وەزیران گەیشتووەتە 3.02 تریلیۆن دینار ، کە 2.5 تریلیۆن دیناری بۆ مووچەی کارمەندەکان ، 27 ملیاری بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری و 14 ملیار دینار بۆ کڕینی پێداویستییەکان و 15 ملیاریش بۆ سیانەکردن

و چاککردنەوە خەرجکراوە. ئالێرەوەیە گرنگی پۆستی سەرۆکوەزیران و بەدەستەوەگرتنی ئەنجومەنی وەزیران لە عێراق بۆ لایەنە شیعەکان بەڕوونی دەردەکەوێت، جگە لەوانەی خراپەڕوو، ئەنجومەنی وەزیران لە شەش مانگی ئەمساڵدا 461 ملیار دیناری وەک پابەندی، هاوکاری و خەرجی دیکە هەبووە!

بەپێی راپۆرتی خەرجییەکانی وەزارەتی دارایی عێراق بۆ شەش مانگی سەرەتای ئەمساڵ، زیاتر لە 4.8 ملیار دینار بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ پەرلەمان و 1.06 ملیار دینار بۆ کڕینی پێداویستییەکان و 2.6 ملیار دینار بۆ چاککردنەوە خەرجکراوە، هەموو ئەمانەش پێش جموجۆڵەکانی ئەو دواییەی لایەنگرانی سەدر بووە.

هەروەها، لەماوەی نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا، کۆی خەرجییەکانی سەرۆکایەتی کۆماریش 23.36 ملیار دینار بووە کە 18.5 ملیار دیناری بۆ مووچە، 2.28 ملیار دیناری بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، و 1.61 ملیار دیناری بۆ کڕینی کاڵا و پێداویستییەکان و 419 ملیۆن دیناری بۆ چاککردنەوە بووە.

ئەنجومەنی باڵای دادوەریش، مانگانە 380 ملیۆن دینار خەرجدەکات، کە نزیکەی 372 ملیۆن دیناری بۆ مووچە بووە، کەواتە بەپێی راپۆرتی وەزارەتی دارایی عێراق بێت، زۆربەی خەرجییەکان لە عێراق بۆ مووچەیە، هەرچەندە لێرەدا تەنیا تیشک خرایە سەر خەرجییەکانی چوار سەرۆکایەتییەکە لەماوەی نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا.


خشتەی 1: خەرجی چوار سەرۆکایەتییەکی عێراق

| دامەزراوەکان | مانگی یەک /ملیار دۆلار | مانگی دوو /ملیار دۆلار | مانگی سێ /ملیار دۆلار | مانگی چوار /ملیار دۆلار | مانگی پێنج /ملیار دۆلار | مانگی شەش /ملیار دۆلار | تێکڕای مانگانە /ملیار دۆلار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەنجوومەنی نوێنەران | 36.30 | 40.95 | 47.64 | 44.58 | 45.01 | 46.63 | **43.52** |
| سەرۆکایەتی کۆمار | 3.26 | 3.54 | 4.28 | 4.47 | 3.83 | 3.99 | **3.89** |
| ئەنجوومەنی وەزیران | 485 | 497 | 511 | 520 | 498 | 519 | **505** |
| ئەنجوومەنی باڵای دادوەری | 0.37 | 0.37 | 0.38 | 0.37 | 0.37 | 0.38 | **0.38** |

## بەردەوامی ناسەقامگیری و بۆردومانەکان و خەرجییەکی 3.4 تریلیۆن دیناری بۆ وەزارەتی بەرگری

لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا، کۆی خەرجییەکانی وەزارەتی بەرگری عێراق 3.4 تریلیۆن دیناری تێپەڕاندووە، بەشێوەیەک 3.37 تریلیۆن دیناری بۆ مووچە، 1.19 ملیار دینار بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری و 14.3 ملیار بۆ کڕینی کاڵا و پێداویستییەکان بووە. هەروەها، لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا خەرجییەکانی وەزارەتی ناوخۆ 5.9 تریلیۆن دیناری تێپەڕاندووە. لەکاتێکدا بەپێی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان و راپۆرتەکانی دامەزراوەکانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان رەوشی ئەمنی عێراق ناسەقامگیرە . هەروەها ماوەی چەند مانگە رەوشی بەغدا و پاراستنی دامەزراوە فەرمییەکانیش و کارکردنیان بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە کەوتووەتە ژێر پرسیار، بەشێوەیەک هەر ساتێک خۆپیشاندەران بیانەوێت دەتوانن بچنە باڵەخانەی دامەزراوە یاساییەکانی وەک پەرلەمان یان ئەنجومەنی باڵای دادوەری!

لەسەروو هەموو ئەم خەرجیانەی وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی ناوخۆ عێراق، کە بەیەکەوە یەک لەسەر پێنجی کۆی خەرجییەکانی عێراقی پێکهێناوە، دۆخی ئاسایش و سەقامگیری نمرەیەکی باشی نییە. لەڕاستیدا بەشی زۆری خەرجییەکانی ئەم دوو وەزارەتەش تەنیا بۆ مووچەیە، نەوەکو بەهێزکردنی توانای سەربازی و بەرەوپێشبردنی سیستەمی پاراستنی ئەمنی لە عێراق، چونکە وەکو لە گرافیکی 3دا بەڕوونی دەردەکەوێت، تەنیا خەرجییەکانی مووچەی فەرمانبەران بە بەراورد بە خەرجییەکانی دیکە لە هەڵکشاندابووە، نەوەک خەرجییەکانی کڕینی کەلوپەلی سەربازی. هەندێك نموونەی کڕینی کەلوپەلی سەربازی و جۆرە جیاوازەکانی چەکیش لەرابردووشدا وەک کڕینی F-16 بە کەیسی بەهەدەردانی ملیاران دۆلار ناودەبرێت.





گرافیک 3: خەرجییەکانی وەزارەتی بەرگری و ناوخۆی عێراق لەنیوەی یەکەمی ئەمساڵدا

## جیاوازی خەرجییەکان لەنیوەی ئەمساڵدا بە بەراورد بە شەش مانگی یەکەمی 2021

جیاوازییەکی گەورە لە داهات و خەرجییەکانی نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا لەگەڵ ساڵی رابردوودا (2021)دا هەیە، بەشێوەیەک کۆی گشتی داهاتی نیوەی یەکەمی 2021 (نەوتی و نانەوتی ) گەیشتووەتە 39.9 تریلیۆن دینار، کە داهاتی نەوتی بەڕێژەی 91% و نانەوتی بەڕێژەی 9% بەشداربووە، بەڵام لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا کۆی گشتی داهات بەرزبووەتەوە بۆ 75.6 تریلیۆن دینار، کە داهاتی نەوتی بەڕێژەی 96% و نانەوتی بەڕێژەی 4% بووە.

لەڕوویەکی دیکەوە، داهاتی ئەمساڵی عێراق بەهۆی گۆڕانکارییەکان لە نرخی نەوت و مانەوەی لەسەرووی 100 دۆلارەوە، داهاتەکەی بەڕێژەی 189% زیادیکردووە، لە هەمان کاتیشدا خەرجییەکان بۆ مووچە[1] بەڕێژەی 121% زیادیکردووە. لەنیوەی یەکەمی 2021دا 37.4 تریلیۆن دینار بووە، لەنیوەی یەکەمی 2022دا گەیشتووەتە 45.3 تریلیۆن دینار وەکو لە گرافیک 4دا هاتووە.




گرافیک 4: جیاوازی داهات و خەرجییەکان عێراق لەنیوەی یەکەمی 2021 و 2022 دا.

لەسەرووی ئەمانەوە، بەپێی دوایین راپۆرتی ئۆچا سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکان "عێراق بە پێنجەمین وڵاتی لاواز بۆ رووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا ناودەبرێت، کە بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما، کەمبوونەوەی وەرزی باران، وشکەساڵی و کەمی ئاو، بەردەوامی خۆڵبارین و درووستبوونی لافاو و بەبیابانبوون"، بەڵام لەماوەی نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا 140 ملیار بۆ وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو تەرخانکراوە، کە 106 ملیاری بۆ مووچە بووە! هەروەها، لە بودجەی وەبەرهێنان بۆ بوژاندنەوەی زۆنگاوەکان لە عێراق تەنیا 183 ملیۆن دینار خەرجکراوە، لەکاتێکدا هۆڕەکانی باشووری عێراق بە یەکێک لە کۆنترین کلتورەکانی جیهان و شارستانییەتی 5 هەزار ساڵەی ئەم ناوچەیە دادەنرێت و بەپێی وێنەی مانگە دەستکردەکانیش خەریکە لەناو دەچێت.

## کۆتایی

وەزیری پێشووی دارایی عێراق لەنامەی وازهێنانەکەیدا ئاماژەی بە بن دەسەڵاتی بەرامبەر گرووپەکانی بە هەدەردانی پارە و تۆڕەکانی گەندەڵی نەشاردەوە، هەربۆیەش سەرەڕای داهاتێکی سەروو 10 تریلیۆن دیناری مانگانە و خەرجییەکی سەروو 7 تریلیۆن دیناری لە هەر مانگێکدا، رەوشی عێراقییەکان و عێراق بۆ رەوشێکی سەروو هەژاری نەگۆڕاوەو، بەپێی راپۆرتی وەزارەتی پلاندانانی عێراق "رێژەی هەژاری لە 24% نزیکبووەتەوە، لەکاتێکدا لە 2019دا رێژەی هەژاری 20% بووە".

هەروەها، کاتێک سیستمی ئابوورییەکە وێنای راستی خۆی ناداتەوە، ئەوا دەرکەوتە سەرەکییەکانی جگە لە زیادبوونی نایەکسانی، هەژاری، بێکاری و دارمانی سیستمی ئابوورییەکە، ئەو کارەساتە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەی لێدەکەوێتە کە ئێستا عێراقی پێدا تێپەڕدەبێت. چونکە دووهێندە بوونی داهات، بەواتای زیادبوونی هەژاری، ناسەقامگیری و گەورەبوونی تورەکانی گەندەڵی و لاوازبوونی سیستمە ئابوورییەکەی دێت، کە پەیوەستکراوە بە نرخی نەوتەوە و چاوەڕواندەکرێت لە داهاتوودا زۆر بە قورسی باجەکەی بدات، بەتایبەتیش لە دوو دەیەی داهاتوودا. لاوازبوونی سیستمەکە بەشێوەیەکە کەوا بەپێی هەندێک لە راپرسییەکان، 17%ی عێراقییەکان پێیانوایە لە 2004وە عێراق بە ئاراستەیەکی راستدا دەڕوات، بەڵام 69% پێیانوایە کەوا گرووپە چەکدارەکان لەجیاتی حکومەت کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی حکومەت هەیە! هەربۆیەش ئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ نایەکسانی لە خەرجییەکان، کە دەبوایە خەرجییەکان بۆ پرۆژە ستراتیژییەکان و ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوەی ژێرخانی خزمەتگوزارییەکان بێت نەوەکو دابینکردنی مووچە!

خاڵێکی دیکە لاوازی سیستمی باج و کۆکردنەوەی داهاتی نانەوتییە لە عێراق. عەلی عەلاوی لەنامەی دەستلەکارکیشانەوەکەیدا هۆکاری یەکنەخستنی داهاتی خاڵە سنوورییەکان و نەگەڕانەوەی بۆ حکومەتی فیدراڵی خستە ئەستۆی هەرێمی کوردستان، بەڵام بەپێی

خودی ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی دارایی، داهاتی نانەوتی پەیوەستە بە داهاتی نەوتییەوە لە عێراق. هەروەها، لەماوەی شەش مانگی ڕابردوودا حکومەتی عێراق 400 ملیاری بۆ هەرێمی کوردستان ناردووە، لەکاتێکدا دەبوایە مانگانە 200 ملیار بنێرێت، ئەمیش پەیوەستە بە داهاتی نێوخۆی هەرێمی کوردستانەوە.

لە کۆتاییدا، گۆڕانکارییەکان خێران و ڕۆژ بە ڕۆژ ڕەوشی سیاسی، ئەمنی و ئابووری عێراق بەرەوخراپی دەڕوات، هەربۆیەش هەڵگرتنی بەرپرسیاریی دارِمانی ئابووری لە دارِمانی سیستمی سیاسی و ئەمنی بۆ سەر عێراق زۆر گەورەتر دەبێت. لەوانەیە ئەو پێکەوەبوون و بەردەوامیی هاوردەکردنی کاڵاکان کە ئێستا هەیە، نەمێنێت و ئەوکاتیش دەرچەکانی هەرەسهێنانی دەوڵەتی عێراق لە هەر سێ ڕووەکەوە دەرکەوێت، ئەوەی ئێستا بەردەوامی بە سیستمەکە دەدات هاتنی ئەو دەیان ملیار دۆلارەی نەوتە، کە مانگانە دەڕژێتە عێراق

تێبینی، بڕوانە فایلی داتاکانی داهات و خەرجییەکانی شەش مانگی ناسەقامگیری لە عێراق

[1] مووچە، خزمەتگوزاری، کڕینی کاڵاکان و سیانەکردن و چاککردنەوە هتد، جگە لە بودجەی وەبەرهێنان